## کوڕی دەیەمی شوان

کەڕەتێکیان پاشایەک ئەبێ، پاشاکە زۆر دەوڵەمەن و ملک و ماڵ و وڵاتێکی بێ سنووری ئەبێ، بەڵام کوڕی نەبوو کە بیێنتە جێنشینی. پاشا کە پیر دەبێ، خودا کچێکیان پێ دەدا. لە خۆشی ئەمەوە پاشا جێژنێکی گەورە سازدەکات و دواجار حەساوگەرەکانی خۆی بانگهێشت دەکات و پێیان دەڵێت کە لە نێو کتێبە سیحروجادوە کانیان وە پێی هەسارەکان سەیر بکەن، تا بزانن، کێ کچەکەی مارەدەکات و تاجو تەختی ئەو بە چ کەسێک دەگات.

ئەوانیش سەیری دەکەن و وڵامی پاشا دەدەنەوە کە کچەکەی کوڕی دەیەمی شوانێک بە شووی خۆی هەڵدەبژێرێت، بەو نیشانەی کە ئەو کوڕە خاڵ و نیشانەیەک واڵە بان شانی چەپیەوە. پاشا کەئەمەی بیست، زۆر توورە دەبێ و دەقیڕێنێ:"ئەم قسە قۆڕانە چییە. تا ئەوکاتەی من زیندووم، ڕێگە نادەم کچی من ببێتە ژنی کوڕە شوانێک." ئەمجا دەستوور دەدات حەساوگەرەکانیش بخەنە زیندان و زنجیریان کەن. پاشا و وەزیرەکەیشی سیپاڵی دەرویشی دەکەنە بەر و دەکەونەڕێ کە کوڕی شوانەکە بدۆزنەوە و بیکوژن، تا بەری ئەوە بگرن ببێتە شووی کچەکەی.

کەم دەڕۆن، فرە ئەڕۆن، دەگەنە لادێیەک. لەپاڵی گوندەکە، کەپرە لارەیەک هەبوو، کە هی شوانێکی ناحمێوی هەژار بوو.

جا لەوێ وەزیر گوتی بە پاشا: "گەورەم، ئێمە لە درێژەی سەفەرەکەمان دا، لە هەر شوێنێک بەزیوین، ڕۆیشتینە ماڵی دەوڵەمەنەکان، با ئەمجارە لای شوانێک شەو سەربکەین."

پاشا برێک بیری لێکردەوە و دواجار بەڵێنی پێ دا. ئەمجا ئەسپەکانیان تاودا تا گەیشتنە کەپری شوانەکە. کابرای شوانیش نۆ کوڕی هەبوو، هەریەکێان منالتر لەوی دیکە. ئەم منداڵانەش لەدەروە یارییان دەکرد و کە دوو سواریان بینی، کوڕەگەورەکەی ڕای کردە ماڵەوە و گوتی: "باوکە، باوکە! دوو دەرویش دێن بۆ ماڵمان."

شوانەکەش ڕۆیشتە بەری کەپرەکەوە، سەری دانویان بۆ مێوانەکان، یارمەتیدان لە ئەسپ بێنە خوار و بەخێرهاتنی کردن: "ئەی دەرویشینە، مێوان نێردراوەی خودایە. بەخێر بێن سەرچاو، فەرموون بچنە ژوورەوە، بحەسێنەوە و نان بخۆنەوە."

جا پاشا و وەزیریش لە ئەسپ هاتنە خوار و چوونە ناو ماڵەکەپرینەکە. شوانەکە پیاوێکی هەژار بوو و هەرتەنیا یەک مەڕی هەبوو. مەڕەکەی سەربڕی و کردیە قاورمەیەکی بەتام بۆ مێوانەکانی. پاشا جا گۆشتی برژاوی دەخوارد و دەیگوت: "قەت لە ژیانما چێشتی بەتامی وام نەخواردووە. پێم بڵێ کوڕە خاسە، ئەمەت چۆن درووست کردووە؟"

"وە گیانی تۆ کاکە دەرویش، تەنیا شتێ کە ئێمە شوان مانا دەتوانین باش درووسی بکەین، قاورمە لێنانە. ئەم هونەرە بە ئیرسی لە باوباپیرەوە دەگاتە ئێمە و لە ئێمەشەوە دەگاتە منداڵ و نەوە و نەبیرەمان. هەروەها باوکم ئەمەی پشانی من داوە."، شوانەکە وڵامی داوە. نیوەشەو نزیک بووە و ساحێوماڵیش جێخەوی بۆ مێوانەکان ڕاخست و دوای ئەوە هەموو خەوتن.

بەیانی کە پاشا و وەزیر لە خەو هەستان، شوانەکە ئەوانی ئاگادار کردەوە، کە ئەمشەو کوڕە دەیەمەکەی لەدایک بووە.

"کۆرپەکەمان پشان بدە.": پاشا بە بووراوەیی داوایی کرد.

شوانەکە جا منداڵەکەی هێنا و خستییە ناو ماتۆڵکە و پشانی مێوانەکانی دا. کوڕەکە جوان و ساق بوو و بانی شانی چەپیشی نیشانەیەکی پێوە بوو. شوانەکە گوتی بە مێوانەکان، کە پیرەژنێک گوتوویەتی، ئەم منداڵە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەنیشکی پاشا دەخوازێ. لەوێ پاشا یەکسەر دڵنیا بوو کە ئەمە هەر ئەو کوڕەسە کە حەساوگەرەکان باسیان کردبوو و ئەو بە شوێنی دا دەگەڕێ، بیکوژێ. لەم ماوەیە دا شوانەکە نانی بەیانی لەسەر سفرە ڕاخست بوو و بە مێوانەکانی گوت: "خۆش وەحاڵی ئەو ماڵەی کە دەرویش سەری تێ دەکات! فەرمووونە سەر سفرە مێوانە خۆشەویستەکانم."

پاشا جا گوتی: "کوڕە خاسە، من نانی تۆ ناخۆم، بەرلەوەی تۆ داواکارییەکم بە جێ نەهێنی."

شوانەکەیش دەرجا وتی: "دەرویش گیان، بەخوا من هیچ شک ناوەم وە دەردی تۆ بخوا. جارێ نانەکەتان بخۆن، دوایی قسە دەکەین."

"نەبەخوا، تا قەولم پێ نەدەی کە داواکەم وەجێ بێری، من یەک تۆسکەیش نان ناخەمە سەر لێوم."، پاشا دیسان داواکاری کرد.

شوانەکەیش بەڵێنی دا بێ ئەوەی شەرتەکە ببیسێ و مێوانەکانیش سەرڕایەڵ بوونە نانخواردن. دوایی نان خواردن پاشا گوتی بە شوانەکە: "تۆ قەولت بە من دا، کە تکاکەم وەجێ بهێنی."

"دەی بێژە مامۆ دەروێش، بزانم چیت گەرەکە"، شوانەکە قسەی کرد.

"من پیاوێکی بەتەمەن و پیرم و کوڕم نییە. کوڕە کۆرپەکەتم پێ بدە، بە پێوانەی کوڕەکەت زێڕت دەدەمێ. تۆ دەست نارِوا و هەژاری، بەڵام کوڕەکەت لای من ژیانێکی خۆشی ئەبێ."، پاشا داوای کرد.

"کێ تا ئێستا بیستوویەتی کە باوکێک جگەرگۆشەی خۆی بداتە نەناسێک ببا؟"، شوانەکە پرسی.

ئەویش وڵامی داوە: "تۆ قەوڵت دا بوو داوا و شەرتەکەی من بە جێ بهێنی."

پیاوەکە جا چوو بۆ لای ژنەکەی کە پرسی پێ بکات و ئەویش گوتی پێی: "تازە تۆ قەوڵت داوە بەو پیاوە و ئەبی بەجێی بهێنی. سەرەڕای ئەوەش هێمە گیرمانخواردووە چۆن ئەو نۆکە بەخێو بکەین. بەو پارەیەش دەتوانین ئەوتواوەتی منداڵەکانمان بەخێوکەین و ئەم کوڕیچمانە سەرنوشتی چارەپان نووسراوە. سەیری شانی چەپی ناکەی، نیشانەیەکی پێوەیە. ئەمە یانی خوەش شانس و چارەپانە، و تەنانت ئەگەر لای خەڵکی نەناس و غەریبەیش بێت، هەمدیسان ژیانی باش دەبێ."

جا ئەوان منداڵەکەیان دا بە پاشا و ئەویش منداڵەکەی خستە سەر شایەنوترازو و بە گوێرەی وەزنی منداڵەکە زێڕی خستە ئەوسەری و دایە شوانەکە ودواجار لەگەڵ منداڵ و وەزیەرەکەی سواری ئەسپ بوون و بەڕێکەوتن. دوایی ماوەیەک گەیشتنە ئاواییەک و لەوێ دارتاشێکیان بینی. ڕۆیشتن بۆلایی و سفارشتی سەبەتەیەکیان دا، جا تەواو بوو لەگەڵ خۆیان بردیان تا گەیشتنە چەمێک. جا پاشا منداڵەکەی خستە ناو سەبەتەکەو و فڕێی دایە ناو ئاو و ڕۆیشت.

ماوەیەکی زۆری پێ چوو و پاشا ڕۆژێ ڕۆیشت بۆ ڕاو. هاوڕێ و نەوکەرەکانی بەجێ مان و ئەو بەتەنێ ڕۆیشتە ناو دارستانو هەروا کە دەڕۆیشت، گەیشتە چەم و ئاوێ، کە لێی چەند گەنج مەلەیان دەکرد. پاشا ئەوانی بینی، ئەسپەکەی ڕاوەستان، کە سەیری مەلەکردنیان بکات تا هاوڕێ و ژێردەسەکانی دێن. لەناکاو بینی کە یەکێک لەم منداڵانە نیشانەیەک ها بە شانی چەپیەوە و ئەمەش پاشای خستە بیر ئەو منداڵەی، کە خۆی چەنساڵ لەمەوبەر فڕێی دابووە ناو ئاوەکە. بەس ئەو بڕوای نەدەکرد کە ئەمە هەر ئەو منداڵە بێت، لەبەرئەوەش ڕۆیشت بۆلای گەنجەکە و لێی پرسی: "پێم بڵێ، کوڕی کێی تۆ؟"

"من کوڕی ئاشەوانم."، کوڕەکە وڵامی داوە.

"وەرە ماڵی باوکتم پێ پشان بدە."، پاشا وتی.

کوڕەکەش پاشای برد بەرەو ماڵ و ئاشەوان کە سواری بینی، خێرا هاتە پێشوازی. سوار سڵاوی کرد و ئەویش بەخێرهاتنی کرد. بەس چوون پاشا سیپاڵی ڕاوی لەبەر بوو، ئاشەوان نەیزانی ئەمە پاشاس و ئەمجا دەعوەتی کرد بێتە ماڵەوە: "فەرموو ببە بە میوانم، مامۆ گیان، مێوان شانس دێنێ بۆ دەرگای ماڵ."

پاشایش لە ئەسپ چوە خوار و ڕۆیشتە ماڵی ئاشەوان و دواجار لێی دەپرسێ: " پێم بڵێ خاڵۆ، خۆزگە تۆ منداڵی زۆرت هەس؟"

ئەویش گوتی: "ئەو کوڕە کە ڕێگای ماڵەکەمی پشانت دا، تاقانە کوڕمە، خواگیان هەژدەساڵ لەمەوبەر ئەوی دا بە من. ئەویش ئاوەها کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئاشە ئاوییەکەم لە گیر کەوت. جا من ڕۆیشتم سەیری بکەم بۆ لەکار کەوتگە، ئەبینم کەچی لەسەر چەرخی ئاشەکە سەبەتەیەک گیری خواردووە بە چەرخی ئاشەکە و لە کاری خستووە. جا سەبەتەکەم هەڵوڕی و سەیرم کرد ئەم منداڵەی واتیا، کە بوو بە کوڕی من."

پاشا جا کە دڵنیا بوو خۆیەتی وتی: "من پاشای ئەم وڵاتەم و دەمهەوێ کە کوڕەکەت نامەیەکم بەرێ بۆ کاخ بۆ لای وەزیرەکەم." لەناو نامەکەش نووسیبوو: "هەر نامەکەتان باز کرد، ئەم کوڕە بکوژە. ئەگەریش بە ئەمری منت نەکرد، دەستوور دەدەم فڕێت بدەنە ناو سیاچاڵە." دواجار پاشا نامەکەی دا بە کوڕەکە و گوتی: "ئەوە دە سکەی زێڕە، بۆ خۆت، بڕۆ بۆ ناو شار و کاخەکەی من بدۆزەوە و نامەکەم بدە بە دەستی وەزیر. بەس نامەکە دەبێ بە شەخسی وەزیر بدەی، نە بەکسی دیکە."

کوڕەکەش نامەکەی برد و ڕۆیشت بەرەو شار. گەیشتە ئەوێ، بریک خڕی خوراد و لەناکاو باخێکی زۆر جوانی بینی کە لە ناوی کچێکی زۆر جوان و بێوێنە لەگەڵ نەوکەرەکانی خەریکی خڕدان بوو. ئەوەش کچەکەی پاشا بوو. کە کوڕەکە گەیشتە باخەکە، کچی پاشا خەریکی پیاسە بوو لە ژێر برێ دار. کوڕەکەش ئەم جوانییەی بینی، لەجێی خۆی وەکوو تیرەدار وشک بوو، لەبەرئەوە بێگەردی ئاوەهای تا ئێستا لە ژیانی دا نەدیبوو. هەر سەیری دەکرد،

تێری نلی ەدەخوارد. لەناکاو نامەکە کەوتە بیری و پرسی لە کچەکە، کاخی پاشا لە کوێیە، ئەو دەبێ بروا بۆیە. کچیش سەیری کوڕی کرد و کوڕەکەی لە جوانی خۆی یەکسەر حەیرانتر کرد و ئەمجا پرسی: "لە ماڵی پاشا چیت دەوێ؟"

"من دەبێ نامەیەک بەرم بۆ وەزیر."، کوڕەکە وتی.

"پشانمی بدە."، کجەکە داوای کرد. کوڕەکە قسەی پاشای لەبیرنەچوبوو، بەڵام کەمکەم کە بۆی دەرکەوت ئەمە کچی پاشایە، ئەدی نامەکەی ڕادەستی کرد. دوایی ئەوەی کە کەنیشکە نامەکەی خوێند، داوای کرد لە کوڕەکە کە هەندێک ڕاوەستێ، جا تێفکری و نامەکەی هەندێک گوڕی بەم شێوە:
"ئەی وەزیر، ئەم کوڕەی کە ئەم نامەیە بۆ تۆ دەهێنێت، بیبە بۆ قەسرەکە و جلوبەرگی ڕازاوەی میرانە بکە بەری و لەگەڵ کچەکەی من مارەی بکە. ئەبێ زەماوەندێک بکەن، کە لەمەوبەر قەت نەبوو بێ. ئەگەر تۆ فەرمانەکەم بە جێ نەهێنی، دەستوور دەدەم فڕێت دەنە نێو سیاچاڵ." دوایی ئەمە کچەکە نامەکە دا بە کوڕەکە و ڕێگای لای وەزیری پێ پشان دا.

کە گەیشتە دەمی درگای کاخ، دەروانەکان ڕێگایان نەدا بە کوڕەکە بچواتە ناو و گوتیان: "چیت دەوێ، کوڕەکە؟"

"من دەبێ نامەیەکی پاشا بدەمە وەزیر"، کوڕەکە وڵامی دایەوە.

"نامەکە بدە بە خۆمان، ئێمە دەیدەینە دەستی."، ئەوان وتیان.

ئەویش وتی: "نا چتی وا نابێ، پاشا دەستووری داوە ، کە نامەکە بەس بەد ەستی وەزیر بدەم." ئەمجا دەروانەکان ڕێگایان دایە و ئەویش ڕۆیشتە ناو بۆ لای وەزیر. وەزیر کە نامەکەی بینی، یەکسەر کوڕوکچی مارە کرد لەیەک و دەستووری دا زەماوەندێکی گەورە ساز بکەن. کوڕە دەیەمی شوانەکەش جلوبەرگی میریان کردە بەری و زۆر بێوێنەتر و جوانتر بوو. زەماوەند کرا و حەف شەو و حەف ڕۆژ هەڵپەرکێی و جێژن و شایی بوو.

دوایی ماوەیەک پاشا دەگەڕێتەوە بەروە ماڵ و هەر گەیشتە جێ بە وەزیری گوت: "فەرمانەکەی منت بە جێ کرد؟"

"بەڵێ قوربان، هەر بەو شێوەیەیی جەنابت ئەمرت کرد بوو، زەماوەندێکمان ساز کرد، کە وێنەی تا ئێستا قەت نەبووە."، وڵامی وەزیر

"زەمانوەندی چی؟"، پاشا بە سەر سووڕماوەیی

ئەویش وتی: "ئەو زەماوەندەی لە ناو نامەکە دەستوورت دا بوو، کە ئەو کوڕەی کە نامەکەی دەهێنێ، لەگەڵ کچەکەت زەماوەند بکا."

پاشا ئەمەی بیست، لەداخانا سووروکە بوو، بەڵام نەیدەتوانی هیچ بکات. زانی کە کەسێک نامەکەی دەسکاری کردبوو و تازە کارلەکار ترازااوە و کوڕی دەیەمی شوانێ بووتە زاوای.

ئیتر زانی کە ئاخری قسەی حەساوگەرەکان جێ خۆی گرت و هاتە دی، چوون ئەو شتەی کە لە ناو هەسارەکان دا نووسراوبوو بێ، کەس ناتوانێ بیگۆڕێ.